www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 15-8-2006 12:30

## وەڵامێک بۆ خوێنەرێکی کوردستانپۆست و جەزا چنگیانی ... خوێنەرێکی کوردستاننێت

لەو نووسینەی پێشوومدا، کە لەژێر ناونیشانی (وەڵامەکەی جەزا چنگیانی و کۆمیدیای زمان و دەربڕین) دا خستمە بەرچاوی خوێنەر، ڕەخنەم لە زمان و دەربڕینی "جەزا چنگیانی" گرت. دوای ئەوە "جەزا چنگیانی" دانی بەوەدا نا، کە زمان و دەربڕینی لاوازە، بەڵام هەندێک پاساوی بۆ ئەو لاوازییەی هێناوەتە. نووسەرێکیش لە کوردستانپۆستدا ڕەخنەی لێگرتووم. وەکو چۆن من لەجیاتی ناوی خۆم، نووسیومە (خوێنەرێکی کوردستاننێت) ، ئەویش بەهەمان شێوە وەکو (خوێنەرێکی کوردتسانپۆست) خۆی ناساندووە. پێش ئەوەی سەرنج و تێبینییەکانم لەبارەی نووسینەکەی ئەو بەرێزەوە بخەمە ڕوو، دەمەوێ بڵێم ئەو نووسەرە بەپێچەوانەی "جەزا چنگیانی" و 'ئازاد عەلی"، کە من تا کاتی نووسینی ئەم چەند دێرەش، هەر پێم وایە یەکێکن، زمانێکی ڕەوان و جوانی هەیە، بۆیە ناتوانم بڵێم ئەوەش هەر "جەزا چنگیانی"یە، ئەگەرچی ناوەرۆکی هەردوو نووسینەکە لە یەکتر دەچن. ئەمەش جێگای پرسیارە. نایشارمەوە هەر لە ڕێگای ئەو زمان و ڕێنووسەشەوە ناوی ڕاستەقینەی نووسەرەکەم زانی. ئەو زمانە ڕەوانەی وای لێکردم چاو لەو تۆمەتانە بپۆشم، کە داویەتیە پاڵ من. جنێوەکانیشی قەبووڵ دەکەم، بەڵام مانای ئەوە نییە، کە منیش بەرگری لە خۆم ناکەم.

(ئەو خوێنەرەی کوردستان نێت ورێنەی زمانەوانیی دەکات.... ) ، (ئەوە تۆیت هێندە مونافیق و ئاژاوەگێریت، .... . ) ، (ئەوە عەقڵی تەسکی ئەو خوێنەرەی کوردستان نێتە، وەک کەسێکی حیزبیی ترسنۆک لەژێر ناوێکی خوازراودا) .... و کۆمەڵێک قسەی دیکە.

با خوێنەر جارێکی دیکە بە نوسینەکەی مندا بچێتەوە، هەتا بزانێت لە کوێ ورێنەی زمانەوانییم کردووە. ئەمانە هەموویان بە لایەک، بەڵام نازانم بۆچی چ "جەزا چنگیانی" و چ ئەو برادەرەش بەزۆر دەیانەوێت باوەڕ بە خوێنەر بهێنن، کە هەر کەسێک ڕەخنەیەکی سووکی لێگرتن، ئەوە ئەو کەسە سەد لە سەد حزبییە. "جەزا چنگیانی" وشەی جەلالی بە هەق و ناهەق بەکاردەهێنێت. من لێرەدا بەڕاشکاوی دەڵێم دوور و نزیک هیچ پێوەندییەکم بەو دوو حزبەی کوردستانی باشوورەوە نییە، بەڵکو باوەڕم وایە ئەو دوو حزبە، کە ئەمڕۆ بە گوللە وەڵامی داخوازییەکانی لاوان دەدەنەوە، شوێنی کەسێکی وەکو منیان تیا نابێتەوە، کە خۆم بە لایەنگری ئازادی و دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی دەزانم. لە هەموو ژیانمدا جەلالییش نەبووم. لە هیچ پارت و ڕێکخراوێکی دیکەش نە ئەندامم و نە لایەنگر. بەڵام ئەوەندە هەیە من وەکو "جەزا چنگیانی" لەپێناوی ناوبانگدا جوێن بە شەهیدان نادەم.

ئەو نووسەرەش وەکو من لەژێر ناوی خوازراوەوە نووسینەکەی بڵاوکردۆتەوە، کەچی پێی وایە هەر کەسێک پەنا بۆ ناوی خوازراو ببات، حزبییە و ترسنۆکە. ئەو گوتەیەمان لەو نووسینەی "جەزا چنگیانی"یشدا بەرچاو دەکەوێت، کە لەژێر ناونیشانی (بەداخەوە کوردستان نێت بوو بە کوردستان جەلالی) لە کوردستاننێتدا بڵاوی کردۆتەوە. ئەویش گلەیی لە کاک "عومەر فارس" دەکات، کە ڕێگای کەسێکی جەلالی و ترسنۆکی داوە سووکایەتیی پێ بکات. هەر کەسێک نووسینەکەی ئێمەی خوێندبێتەوە، دەزانێت هیچ سووکایەتییەکمان بەو بەرێزە نەکردووە. هەر ئەوەندەیە گوتوومانە نە ئەو و نە کوردستانپۆستیش نەیانتوانیوە باوەڕمان پێ بهێنن، کە "ئازاد عەلی" خودی "جەزا چنگیانی" نییە و بەبەڵگەشەوە دەرمانخستووە، کە "جەزا چنگیانی" نازانێت بە زمانی کوردی بنووسێت. خۆشی دانی بەوەدا ناوە، کە ناتوانێت بە زمانێکی چاک بنووسێت. دوایی دەگەڕێینەوە سەر ئەم مەسەلەیە. ئەگەر "جەزا چنگیانی" پێی وایە ئەوەی بە ناوی خوازراوەوە بەرهەم بڵاو بکاتەوە، ترسنۆکە، ئەی بۆچی بەرگری لە "ئازاد عەلی" دەکات و خۆی دەڵێت ئەو ناوە خوازراوە. دیارە "جەزا چنگیانی" باوەڕی وایە خەڵک بەو مەرجە بۆیان هەیە ناوی خوازراو بەکاربهێنن، ئەگەر بە شان و باڵی ئەودا هەڵبدەن. جنێوەکەی "جەزا چنگیانی" نووسەرەکەی کوردستانپۆستیش دەگرێتەوە، چونکە ئەویش ناوی خۆی نەنووسیوە. بەکورتی هەردووکیان بە یەکتریان وتووە ترسنۆک، بەڵام من هیچیان بە ترسنۆک نازانم. ئەگەر "جەزا چنگیانی" "حەمە سەعید حەسەن" بە گەورەترین ڕەخنەگری کوردی دەزانێت و پێێ دەڵێت جەربەزە، ئەی بۆ وەڵامی "ئازادعەلی" و نووسەرەکەی کوردستانپۆست ناداتەوە، کە دنیایەک جنێویان پێداوە؟ بەتایبەتی "ئازاد عەلی"، کە هەر خۆیەتی.

نووسەرەکەی کوردستانپۆست دەنووسێت: (ئەوە عەقڵی تەسکی ئەو خوێنەرەی کوردستان نێتە، بەلایەوە دەبێت، هەموو کەسێک، بێ کەموکوڕیی، بنووسێت) . منیش بەو بەرێزە دەڵێم با جارێکی دیکە نووسینەکەم بخوێنێتەوە، هەتا تەواو دڵنیا بێت، کە من شتی وام نەگوتووە، بەڵکو ئەوە "جەزا چنگیانی"یە لە وتاری (گفتوگۆی نێوان من و تۆ (کاک عومەر فارس) دەبێ وابێ!) دا دەڵێت: (پچووکترین هەڵەی هزری و زمانەوانی و تەکنیکی دەبێتە هەڵە و تاوانێکی گەورە) . لەگەڵ ئەوەشدا من نە تۆ و نە "جەزا چنگیانی" بە شایانی ئەو جوێنە نازانم.

دوای ئەوە نووسەرەکەی کوردستانپۆست دەنووسێت: (ئەگەر ئەو بەڕێزە ڕاستیی دەکرد، با بهاتبایە تووخنی بۆچوونە سیاسیی و فیکرییەکانی جەزا چنگیانی بکەوتایە، وەک کەسێکی حیزبیی ترسنۆک لەژێر ناوێکی خوازراودا و بەناوی ڕەخنەی زمان و دەربڕینەوە، چەمۆڵەیەکی سیاسیی لە کاک جەزا نەنایە) .

وەکو پێشتر گوتم من کەسێکی حزبی نییم. من چەند ساڵێکە بەرهەمەکانی "جەزا چنگیانی" دەخوێنمەوە و دەتوانم بڵێم ئەو برایە بێجگە لەوەی نازانێت بە زمانی کوردی بنووسێت، ناشتوانێت هیچ پرسیارێک لای من بخوڵقێنێت. تێروانینی ئەو بۆ ڕووداوەکان لە گێڕانەوەیەکی زۆر سادە تێناپەڕێت. هیچ خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ واقیعی ئێمە نەبووە. چەمکێکی فیکریم بیر نییە، ئەو پیاوە دایهێنابێت و لەناو کایە فیکری و مەعریفییەکاندا کاری لەسەر کردبێت وەکو ئەوەی لای "بەختیار عەلی" و "مەریوان وریا قانیع" و چەند نووسەرێکی دیکەدا دەیبینین. ئێمە ئەو نووسەرەمان لە ڕێگای ئەو شەرە جنێوانەوە بیر دێتەوە، کە بەردەوام لەسەر سایتەکاندا بەرپایان دەکات، نەک لە ڕێگای نووسینێکی گرنگیەوە. لە ڕێگای ئەوەوە هیچ فەیلەسووف و نووسەرێکی گەورەی دنیامان نەناسیوە. تا ئێستا نووسینەکانی نەبوونەتە جێی بایەخی نووسەرانی دیکە. ئەو نووسەرەی کوردستانپۆستیش یەکەمجارە پێمان دەڵێت، کە "جەزا چنگیانی" نووسەرە. بە مانایەکی دیکە لەوەتەی "جەزا چنگیانی" لە کوردستانێتی هەڵپێچاوە، ئەو بە نووسەری دەزانێت. تاکە ڕەخنەیەکیش، کە لێی دەگرێت، هەر ئەوەیە، کە "جەزا چنگیانی" "حەمە سەعید حەسەن" بە نووسەرێکی گەورە و جەربەزە دەزانێت. من لێرە یەک شتی بچووکتان بۆ ڕوون دەکەمەوە. برایانی بەڕێزم "جەزا چنگیانی" خۆی چاک دەزانێت کوێی دێشێت. ئەو دەزانێت "حەمە سەعید حەسەن"ی مامۆستای ناوی لە کوردستانپۆست ناوە سایتی پێشاوەکان. من کە لێرەدا ئەوە دەڵێم داوای لێبوردن لە ستافی ئەو سایتە و لە خوێنەرانی دەکەم، کە خۆشم یەکێکم لە خوێنەرە بەردەوامەکانی. ئەوەندەش دەڵێم، کە ئەگەرچی هەندێک ڕەخنەم لە شێوازی ئیشکردنی ئەو سایتەدا هەیە، بەڵام دەزانم دژی دەستەڵاتە و ڕێزی لێدەنێم. دەشزانم هەندێک کەس بەئاشکرا و لەژێرەوە دەیانەوێت ناکۆکی لەنێوان ئەو دوو سایتەدا دروست بکەن، کە ئەمە لە بەرژەوەندیی دەستەڵاتە، چونکە ئەو دوو سایتە لەگەڵ هەر کەموکوڕییەکدا، کە هەیانە، دوو مینبەری زۆر چاک و ئازادن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستەڵات. تا ئێستا نەمانبینیوە بەرهەمی هیچ کەسێکیان بڵاو نەکردبێتەوە. لە کاتی نارەزاییەکانی جەماوەریشدا لە پێشی پێشەوەن و لەپاڵ یەک دوو سایتی دیکەدا دەنگی ڕاستەقینەی ڕاپەڕیوان دەگەیەنن، ئەوە لە کاتێکدا تەنها دەنگی دەستەڵاتە لە میدیا حزبییەکاندا دەبیسترێت و پێمان دەڵێت کوردستان بەهەشتە و خەڵک گێرەشێوێنن. "جەزا چنگیانی" بە تایتڵی گەورە نووسی: (بەداخەوە کوردستان نێت بوو بە کوردستان جەلال) و بۆشی بڵاوکرایەوە. دەبا بیناردبایە بۆ یەکێ لە ڕۆژنامەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان. ئایا ئەمە بەتەنها بەس نییە، کە بڵێین "جەزا چنگیانی" بەبێ بەڵگە ئەو تۆمەتەی داوەتە پاڵ کوردستاننێت؟ بەڕێزانی کوردستانپۆست ئێستا کە "جەزا چنگیانی" بووە بە بەشێک لە ئێوە، مەسەلەکە هەندێک بەراوەژوو دێتە بەرچاو. زۆر شتی دیکە بەو مەسەلەیەوە بەندن، کە "حەمە سەعید حەسەن" و "جەزا چنگیانی" خۆیان دەیانزانن. ئایا سەیر نییە "ئازاد عەلی" ئەو هەموو جوێنە بە "حەمە سەعید حەسەن" بدات و "جەزا چنگیانی"یش بە جەربەزە و ڕەخنەگری گەورە ناوی بهێنێت؟ هەردووکیشیان هەر یەکێکن. هەقیش نییە بڵێن زمانی "حەمە سەعید حەسەن" پڕە لە هەڵە. من خۆم لە هەموو ژیانمدا ئەو پیاوەم بە نووسەرێکی باش نەزانیوە و لەگەڵ ئەو هەڵوێستانەی ئەم دواییەشیدا نییم، بەڵام باوەڕم وایە "حەمە سەعید حەسەن" لە زمانی کوردیدا زۆر شارەزایە. یەکێکە لەوانەی دەزانێت بە زمانی ڕەوان و بە ڕێنووسی دروست بنووسێت. ئەمە ڕاستییەکە و ناکرێت نکوڵیی لێبکەین. فەیلەسووفێکی کۆنی یۆنانی دەڵێت: (ئەوانەی هەر بەدوای هەڵەی دوژمنەکانیاندا دەگەڕێن، کەسانێکی بەهێز نیین) . "ڤێرنا تایلەر"یش گوتوویەتی: (کاتێ دەتەوێت سەرتاپای دوژمنەکەت بەخراپی پیشان بدەیت، ئەوە پێش هەموو شتێک ڕاستگۆیی خۆت لە دەست دەدەیت) . ئەگەر ئەو نووسەرەی کوردستانپۆست بەراستی پێی وایە "جەزا چنگیانی" ئەو چەند ساڵە لەناو فیکر و مەعریفەدا کاری کردووە، با بێت خوێندنەوەیەک بۆ بەرهەمەکانی بکات و پێمان بڵێ، کە ئەو فیکرەی "جەزا چنگیانی" بەرهەمی هێناوە، چییە و دەتوانین لە کام کایەی مەعریفییدا ئیشی پێبکەین. ڕەنگە ئەوسا کارەکە بۆ ئێمەش ئاسان بێت، کە بتوانین گفتوگۆیەک بهێنینە ئاراوە، چونکە لێتان ناشارمەوە من ئەوەی لای "جەزا چنگیانی"دا نایبینم، فیکرە. لە مەسەلەی نووسینی چیرۆک و ڕۆمانیشدا، من "جەزا چنگیانی" بە نووسەرێکی باش نازانم. زۆربەی بابەتەکانی سواوەن و بە زمانێکی دوور لە هەموو جوانکارییەک دەیانگوازێتەوە. "جەزا چنگیانی" لەچاو چیرۆکنووسانی وەکو "کاروان عومەر کاکەسوور" و "عەتا محەمەد" و "ڕێبوار ڕەحیم" و "فاروق هۆمەر" و "ئیسماعیل حەمە ئەمین" و "ئارامی کاکەی فەللاح" و "جەبار جەمال غەریب" و چەندانی دیکەی نەوەی خۆیدا هەر بە چیرۆکنووس دانانرێت. ئەوەی چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن" و "ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل" و "ڕەوف بێگەرد" و "عەبدوڵلا سەراج" و "حەمە فەریق حەسەن" و چیرۆکنووسانی دیکەی نەوەی حەفتاکان و هەشتاکانی خوێندبێتەوە، دەزانێت "جەزا چنگیانی" هیچ داهێنانێکی نەکردووە. من خۆم یەکێکم لەوانەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و جیهانی

دەخوێنمەوە. چەند ڕۆژێکە لە خوێندنەوەی دوو ڕۆمانی "دان براون" بوومەتەوە، کە ئەمانەن (The Davinci code) و ( Angels and Demons) . (چۆن گەیشتمە لای خوا؟) ، کە ناوی لێناوە ڕۆمان، هەر لە ناونیشانە زەقەکەیەوە بیگرە هەتا دیالۆگە ڕاستەوخۆ و گواستنەوە ئاشکراکان دوورە لەوەی وەکو ڕۆمان بخوێندرێتەوە. لە ڕووی بیناسازی و فۆرمەوە ئەوەندە لاوازە، کە نەیتوانیوە سنووری هەقایەتێکی خراپ ببەزێنێت. ئەوەی باوەری بەم سەرەنجامەی من نییە، با بفەرمووێ خوێندنەوەیەکی بۆ بکات و با بزانین چ لایەنێکی شاراوەی تێدایە. هەموو کەسێک دەتوانێت بە فلان تێکست بڵێ شاکار و داهێنان و شتی دیکە، بەلام گرنگ ئەوەیە تۆ لە ڕێگای خوێندنەوەوە نهێنییەکانی ئەو تێکستەمان بۆ ئاشکرا بکەیت، کە من بە دڵنیاییەوە دەڵێم هیچ نهێنییەک لە ئەدەبی "جەزا چنگیانی"دا نییە. ئەوەی تا ئێستا "جەزا چنگیانی" نووسیویەتی، هەموو خوێنەرێک دەتوانێت چاکتر بیاننووسێت، بەلام زۆر خوێنەر هەن ڕیز لە خۆیان دەگرن. باوەڕیان وایە خوێنەرێکی چاک بن باشترە لەوەی نووسەرێکی خراپ. جا نازانم بۆچی دەبێت بە ئێمە بگوترێت ئاستنزم و عەوام و بەوە تاوانبارمان بکەن، کە ئەقڵمان تەسکە. بە هەموو دڵنیاییەکەوە دەڵێم زۆربەمان لەو "جەزا چنگانی"یە هۆشیارترین و زیاترمان خوێندۆتەوە، کە ئێوە ناوی نووسەرتان لێناوە.

"جەزا چنگیانی" دانی بەوەدا ناوە، کە زمانی تەواو نییە، بەلام دەڵێ زۆر نووسەری گەورەی دنیاش وەکو ئەو وان. لێرەش کەسانی سیاسی و ئەدیبی تێکەڵی یەکتر کردووە. "گۆنتەر گراس" لە کوێ و "جەمال عەبدولناسر" و "مام جەلال" لە کوێ؟ ئێمەش دەزانین نووسەر هەیە بەچاکی سەری لە گراماتیک و ڕێنووس دەرناچیت، بەلام دەتوانێت لەناو زماندا داهێنانی گەورە بکات، ئەویش بەوەی لە ڕێگای زمانەوە وێنای دنیایەکی گەورە بکات و فیکر و ئیستاتیکا بەرهەم بهێنێت. بەلام زۆربەی نووسەرە گەورەکان ئەوانەن، کە دەتوانن بە زمانێکی چاکیش بنووسن. "گۆستاڤ فلۆبێر" ئەگەر وشەیەکی بەکاربهێنابا، هەوڵی دەدا لە لاپەڕەی دواییشدا ئەو وشەیە دووبارە نەکاتەوە. "سارتەر" نایشارێتەوە، کە لە داڕشتنی ڕستەکانیدا چەند ماندوو بووە. هەرچی "هایدگەر"ە باوەڕی وایە فۆرمی نووسین جۆرێک دەستەلاتی دیکەی زمانە، کە دەکرێت بەجیا بخوێندرێتەوە. ئەگەر "جەزا چنگیانی" نووسینە زمانەوانییەکانی "ئیدوارد ساپێر" و "ڕۆلان پارت" و "تۆدرۆڤ" و "هایدگەر"ی بخوێندبایەوە، وای نەدەگوت. مەسەلەکە لای "جەزا چنگیانی" ئەوەیە، کە لە توانایدا نییە ئیش بە زمان بکات. ناتوانێت لە ڕێگای زمانەوە فیکر و مەعریفە و ئیستاتیکا بەرهەم بهێنێت. من لەو نووسینەی پێشوومدا نموونەم لە نووسینەکانیدا هێناوەتەوە. دەزانم ئەم مەسەلەیە زیاتری دەوێت، بەلام بۆ نووسەرانی جێدەهێڵم، چونکە من خوێنەرم، نووسەر نیم. "جەزا چنگیانی" ئەگەر "گۆنتەر گراس" دەناسێت، بۆچی یەکێ لە ڕۆمانەکانیمان بۆ ناکاتە کوردی؟

من سوپاسی ئەو نووسەرەی کوردستان دەکەم، کە ڕەخنەی لە زمانی نووسینی من گرتووە. نایشارمەوە من سوودم لەو گفتوگۆیە بینی، بەلام ئێستاش هەندێک سەرنج و تێبینیم هەیە:

# منیش (بۆئەوەی) م بەلاوە ڕاستە، نەک (بۆ ئەوەی) ، چونکە بەمانای (هەتا) یە و وشەیەکی لێکدراوە.

• نووسیویەتی: (ئایا یەکێک ئەگەر) ، عەیبە دەبوو بتنووسیبایە (ئایا ئەگەر یەکێک) .

# باوەڕ ناکەم عەیب بێت، بەلام چ ئەوەی تۆ و چ ئەوەی منیش ڕاستن.

• نووسیویەتی: کورد دەڵێ (ڕۆشن) ، (ڕۆشنایی) نەک (ڕۆشەن) و (ڕۆشەنایی) کەواتوو (ڕۆشنبیر) ڕاسترە نەک (ڕەوشەنبیر) ، هەر چەندە لە شوێنێکی تردا (ڕۆشنبیر) ت بەکار هێناوە و لە لایەکی دیکەش (ڕۆسەنبیر) .

# منیش دەڵێم هەردووکیان ڕاستن، چونکە وشەکە لێکدراوە. (ڕۆشن) و (ڕۆشن) بەپێی شوێن گۆڕانیان بەسەردا دێت. بەڵێ، منیش هەردووکیانم نووسیوە، بەلام (ڕۆسەنبیر) خۆت چاک دەزانی هەڵەی تایپە. خۆ ئەگەر زمانیشم پس بێت، ئەوە هەر دەتوانم پیتی (ش) بنووسم. هەروەها وشەی (سەرپێی) و (ڕاسکردنەوە) یش هەر هەڵەی چاپن. لە نووسینەکەی بەڕێزیشیدا هەڵەی تایپ زۆرە. بۆ نموونە نووسیویەتی: (کەسێک بشکێنێک) ، لە کاتێکدا مەبەستیەتی بڵێت: (کەسێک بشکێنێت) . بۆ زانینیش ئەو بەرهەم کاتێ لە کوردستاننێتدا بلاو کرایەوە، هەموو کۆمایەکان بووبوونە خاڵ، هەر بۆیە خێرا کاک عومەر فارسم لەو هەڵە تەکنیکییە ئاگادار کردەوە.

• نووسیویەتی: (هێشتا بیگوتبا) هەڵەیە (هێشتا بیگووتبایە) ڕاستە، ئەگەر دەپرسیت چۆن: منیش دەڵێم چاک، بۆ نموونە کەس نائێت: (هێشتا بڕۆیشتبا) یان (دەبوو بیخۆنبا) بەڵکوو دەڵێت (هێشتا بڕۆیشتبایە) یان (دەبوو بیخۆێنبایە) . لە شوێنێکی دیکەشدا لە بری بنووسێت: (بیگووتبایە) نووسیوتە: (بگوتبا) .

# ئەوەی ئەو برادەرە لە سلێمانی ڕاستە و ئەوەی منیش لە هەولێر. کەواتە هەردووکیان کوردیین. با ئەو برادەرەش بچێت ماوەیەک لە هەولێر بژی، بزانە بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت، شێوازی نووسینی ناگۆڕێت؟!

• نووسیویەتی: من دەڵێم هەردووکیان ڕاستە.

# دەبوایە بڵێت ڕاستن، چونکە ڕستەکە کۆیە. لە شوێنێکی دیکەشدا دەنووسێت: (زۆربەی نووسینەکانی حەمەسەعید لە لاپەڕەیەک تێناپەڕێت) . تێناپەڕن ڕاستە. سەیر ئەوەیە ئەو بەڕێزە دەڵێت: ئەگەر ئەو خوێنەرەی کوردستان نێت، کتێبی زمانی کوردیی پۆلی یەکی سەرەتایی هەڵبداتەوە لە دوای (دارا دوو داری دووری دی) دە دوانزدە لاپەڕە دوای ئەوە، دەبینیت باسی تاک و کۆی تێدایە.

# (پۆلی یەک) هەڵەیە. دەبوایە بیگوتبا (پۆلی یەکەم) . (دارا دوو داری دی) ڕاستە وەکو لە کتێبەکەدا هەیە، نەک (دارا دوو داری دووری دی) .

• دیسان نووسیویەتی: ئەم خوێنەرە زمانزانەی کوردستان نێت دەیەوێت ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، بڵێ: (عەوامێک لە هەولێر) بۆ قوورسایەتییە بە هەولێریی، بەڵام (عەوامێکی هەولێری) بۆ سووکایەتییە! ئەم زمانزانە دەڵێت: جەزا چنگیانی سووکایەتیی بە هەولێریی کردووە، چونکە گووتویەتی: (عەوامێکی هەولێری) واتە خەڵکی هەولێر هەموویان عەوامن، ئینجا بۆشی ڕاست کردۆتەوە، دەڵێت: دەبووایە بیگووتبایە: (عەوامێک لە هەولێر) .

# بەڵێ، ئێستاش هەر سوورم لەسەر ڕاکەی خۆم. ئینجا من لە نووسینەکەمدا گوتوومە لەگەڵ ئەوەدا نییم، کە جنێو بە کەس بدرێت، بەڵام هێشتا بیگوتبا (عەوامێک لە هەولێر) بۆ "جەزا چنگیانی"، کە حەزی لە جنێوە، نەوەک بۆ کەسانی دیکە، ڕاستترە.

⁕ نووسەرەکەی کوردستانپۆست نووسیویەتی: (پێماندەڵێ) .

# دەبوایە لێکیان جیا بکاتەوە. بەم شێوەیە: (پێمان دەڵێ) .

⁕ ناونیشانی بابەتەکە ئاوایە: (جەزا چنگیانی لەنێوان خوێنەرێکی کوردستانپۆست و کوردستان نێت دا) .

# دوو هەڵەی تیایە. یەکەم: دەبوایە بینووسیبا (لەنێوان خوێنەریکی کوردستانپۆست و خوێنەرێکی کوردستاننێتدا) ، چونکە بابەتەکە هی خوێنەرێکی کوردستاننێتە، نەک هی کوردستاننێت خۆی. دووەم ئەو (دا) یە کردار نییە، پاشگرە، بۆیە نابێت جیا بکرێتەوە.

⁕ راست دەکات (دوکان) بە یەک (واو) دەنوسرێت، بەڵام ئەویش چەند وشەیەکی بە دوو (واو) نووسیوە، کە دەبوایە بە یەک (واو) بنوسرانایە، وەکو (بووار) ، (گفتووگۆ) ، (بیگووتبایە) .

دیارە نووسینەکەی هەڵەی دیکەشی تیایە، بەڵام ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە زمانێکی رەوان و جوانی هەیە. هیوادارم "جەزا چنگیانی" لێیەوە فێر بێت.

# تێبینی: من لە ڕێگای ئیمەیڵەوە بە "جەزا چنگیانی"م گوت، کە منم ئەو بابەتەم نوسیوە. پێم گوت من جەلالی نییم و دوور و نزیکیش کاک عومەر فارس ناناسم. پێم گوت ئەگەر تۆ بە خوێنەر بڵێی، کە هەڵەت کردووە، ئەوە منیش ئەم بابەتە بڵاو ناکەمەوە، چونکە ئەم وتارانە هیچ سوودێک بە خوێنەر ناگەیەنن، کەچی چەند ڕۆژ من چاوەڕێی ئەو ڕوونکردنەوەیەی "جەزا چنگیانی"م کرد و نەمبینی، بۆیە بەناچاری بڵاوم کردەوە.